Socialstyrelsen

# دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی لەپێناو بەرژەوەندی منداڵان کاردەکات.

زانیاری بۆ دایکان و باوکان



## زۆرێک لە خێزانەکان هاوکاری لە دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی وەردەگرێت

دە ستە ی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی لە هەموو ناوچەکان بەردەستە. لەوێدا، کارمەندانی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی زانیاری تایبەتن سەبارەت بە پێداویستی منداڵان، کاردەکەن تاوەکو دلنیابن کە هەموو منداڵەکان بەشێوازێکی سەلامەت وپارێزراو، دەرفەتی گەشەکردنیان هەیە. بەشێوەیەکی پراکتیکی، لەوانەیە ئەمە واتای هاوکاری بگەیەنێت بەو خێزانانەی کە یەکێک لە بەخێوکەرەکان کێشە وهەستێکی تایبەتی دەروونیان هەیە یاخود بەجۆرێک لە جۆرەکان کێشەی لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژیان هەیە. پێویستە دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی ئەو منداڵ و دایک و باوکانە بپارێزێت کە ئامانجی بەکارهێنانی کرداری توندوتیژی یاخود دەستدرێژین.

## پێش هەموو شتێک، پێویستە لەماڵەوە شتەکان کاریگەریان باشتر بێت

دەستەی تەندروستی وچاودێری لە توانایدا هەیە بەچەندین شێواز هاوکاری بکات. ئەوە شتێکی گشتییە کە هاوراین دەربارەی پێشکەشکردنی ئەو جۆرە هاوکاریانەی کە گونجاوترینە. بۆ نمونە، ئەو خێزانانەی کە بە ئە زموونێکی زۆری ناکۆکی تێدە پە رن دەتوانن چاویان بە کەسێک بکەوێت کە شارەزایە لە چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە. وەکو دایک وباوک، دەکرێت هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی وەکو دایک و باوک رۆلی خۆتان ببینن، جا لە رێگای گفتوگۆی کەسیەوە بێت یاخود بەشێوەی کۆمەڵ. بۆ منداڵان، دەشێت پەیوەندی بەکەسی تایبەتەوە بکرێت یاخود چاویان بە منداڵی تر بکەوێت کە لەهەمان بارودۆخدان.

## هەموو کە سێک دەتوانێت داواکاری هاوکاری وپاراستن بکات

ئەگەردەزانی کە پێویستت بە هاوکاری یاخود پاراستن هەیە، ئاساییە پەیوەندی بە دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانیەوە بکەیت وبارودۆخەکەتیان بۆ روونبکەیتەوە. هەریەکە لە منداڵان ودایکان وباوکان، دەتوانن پەیوەندی بە دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانیەوە بکەن تاوەکو داوای یارمەتی وهاوکاری بکە ن

> بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانیدا بکەیت، پەیوەندی بە نوسینگەی ئەو ناوچەیەوە بکە کە لێی دەژی. لە ماڵپەری شارەوانیەکەت، دەبێت ژمارەی تەلەفۆن ورێگاکانی تری پەیوەندیکردنی تێدابێت.

## کەسێک کە هەست بە بێزاری یاخود نیگەرانی دەکات، دەتوانێت ناوی لەگە ل دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی تۆماربکات

هەرکەسێک کە گومانی ئە وە ی هە یە کە منداڵێک بە خراپی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەتوانێت دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی ئاگادار بکاتەوە. ئاگادارکردنەوە بەو واتایە نایەت کە بۆ نموونە تۆ شکات لە دایک و باوکەکە دەکەیت، بەڵکو تۆ دەستە ئاگادار دەکەیتەوە لەبەر ئەوەی نیگەرانی منداڵەکەیت. ئەگەر کارمە ندان لە باخچەی منداڵان، قوتابخانەی سەرەتایی یاخود خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی گومانیان کرد کە منداڵێک بە خراپی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، پێویستە بەگوێرەی یاسا، دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی لە نیگەرانیەکان  ئاگادار بکە نە وە.

> ئاگادارکردنەوەکە راستەوخۆ لە رێگای دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانیەوە دەبێت. ئەگەر تەنها دەخوازی پرسیار دەربارەی بارودۆخی منداڵەکە بکەیت، دەتوانێ بەبێ ناوهێنانی منداڵەکە ئەو کارە بکەیت.

## دووای ئەمە چی روودەدات؟

ئەگەر دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی بۆی دەرکەوت کە منداڵەکە پێویستی بە پاراستن و هاوکاری هەیە، ئەوە ئەرکی ئەوانە کە بزانن باشترین چارەسەر بۆ منداڵەکە وخێزانەکە چییە. ئەم پرۆسەیە بە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی منداڵ ناودەبرێت. دەکرێت هەر یەکە لە دایک وباوک ومنداله کە بەشداری لێکۆڵینەوەک بن وبۆچوونی خۆیان پێشکەش بکەن. هەروەها لەوانەیە پێویست بکات دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی قسە لەگەڵ کەسانی تردا بکەن کە منداڵەکە دەناسن، بۆ نمونە قسەکردن لەگەڵ خزمان و مامۆستایان.

## دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی چ شتێک دووبارە دەکاتەوە؟

هەر یەکێک کە پەیوەندی بە دەستەی تەندروستی و چاودێری نیشتیمانیەوە دەکات، دەبێت متمانەی هەبێت کە زانیاری هەستیار قسەی زیاتری لەسەر ناکرێت. کەواتە، دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی بەرپرسیاریەتییەکی گرنگی لە ئەستۆدایە بۆ پاراستنی زانیاریەکان؛ بەمە دەوترێت پاراستنی نهێنی. وەکو چاودێر، بە گشتی تۆ رێگەپێدراویت کە هەموو شتێک بزانیت کە پەیوەندی بە منداڵەکانتەوە هەیە. بەڵام دەستەی تەندروستی وچاودێری کۆمەڵایەتی لەوانەیە هەندێک شتان پێنەڵێت کە بزاندرێت مەترسی راستەقینە لەسەر منداڵەکە درووست دەکات. چەندە منداڵەکە تەمەنی گەورەتر بێت، هێندە زیاتر تووانای بریاردانی دەبێت. منداڵە گەورەکان پێویستە رەزامەندبن لە سە رئە وە ی چاودێرەکانیان رێگەیان پێبدرێت هەندێک لە زانیاریەکان بزانن.

## ئەگەر منداڵەکە نەیتوانی چیتر لەماڵەوە بژی، هاوکاری دەکرێت.

ئەگەر چیتر گونجاو نەبوو منداڵەکە لە ماڵەوە بژی، لەوانەیە منداڵەکە بۆ ماوەیەک پێویستی بەوە هەبێت لە جێگایەکی تردا بژی. بۆ نمونە، منداڵەکە دەتوانێ لەگەڵ خێزانێکی تردا بژیت (لە نێو خێزاندا) یاخود ماڵی چاودێری یان شوێنێکی نیشتەجێبوون. لەو جۆرە دۆخانەدا، دایک و باوکەکان مافی وەرگرتنی هاوکاریان هەیە لەلایەن دەستەی تەندروستی و چاودێری نیشتیمانی. بۆ نمونە، دەشێت یارمەتی بدرێن تاوەکو فێری هونەری بەخێوکردنی منداڵ بن. ئامانجەکە هەمیشە ئە وە یە کە شتەکان چەندە بکرێت باشبکرێت بۆبەرژەوەندی منداڵە کە.

## تە ماشای KOLL PÅ SOC بکە

Kollpasoc.se ماڵپەری منداڵانە دەربارەی دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی. لەوێدا، زانیاری دەربارەی دەستەی تەندروستی وچاودێری نیشتیمانی پێشکەشکراوە لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی کە پێشکەشی دەکەن بۆ یارمەتیدانی منداڵان و گەنجان. نوسینەکان لەوێدا بە زمانێکی سادەی سویدی نوسراون لەسەر بنەمای ئەو پرسیارە راستەقینانەی کە منداڵان پرسیویانن.

**www.kollpasoc.se**

Socialtjänsten arbetar för barns bästa, översättning till SORANI
(artikelnummer 2016-8-18) kan laddas ner från Socialstyrelsens
webbplats www.socialstyrelsen.se/publikationer

Socialstyrelsen

Foto Scandinav/Rebecca Wallin